کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کەشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:31 30-8-2007

**وەڵامێک بۆ.. کوردستان پۆست و کوردستان نێت ... وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان**

ماوەیەکە لەهەردوو (سایتی کوردستان نێت و کوردستان پۆست) زنجیرەیەك بوختان و رەخنەی نابەجێ که ئاشکرایە لەدەرونێکی پڕقینەوە سەرچاوەی گرتووە دەربارەی وەزارەتی ناوخۆ بڵاوکراوەتەوە.

ئێمە هەرگیز وەکو وەزارەتی ناوخۆ لەهیچ رەخنەیەك سڵمان نەکردۆتەوە، لەروانگەی باوەڕبوونمان بەشەفافیەت، هەمیشە رەخنە بنیاتنەرەکانمان بەسنگی فراوانەوە وەرگرتووەو لەهەمانکاتدا رەخنەمان لەکەموکوڕیەکانی خۆمان گرتووەو ئەوەی پێویستیش بووبێت لێپێچینەوە کراوە، بەڵام ئەوانەی لەم سایتانە بڵاودەبنەوە جگە لەتەشهیرو موهاتەرات هیچی دیکە نییەو دورە لەئەخلاقیاتی نوسین و رۆژنامەگەرییەوە، کە دڵنیاین ئەوانەی بەو کارە هەڵدەستن جگە لەهەندێك خەڵکی دەرون نەخۆش هیچی دی نین.

وەزارەتی ناوخۆ لەهەموو دنیادا هەستیارترین دەزگایە کە راستەوخۆ پەیوەندیدارە بەژیان و ئارامی گشتیەوە، ئەگەر وەزارەتەکانی دیکە لە24 سەعاتی شەو رۆژدا هاوڵاتیان چەند سەعاتێك پێویستیان پێیەتی، ئەوا وەزارەتی ناوخۆ سەرلەبەری کاتەکان گرێدراوی ژیانی خەڵکە. هەربۆیە لەهەموو روویەکەوە وەزارەتی ناوخۆ تایبەتمەندی خۆی هەیەو پێویستە هەرواش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. هەربۆیە بۆ وەڵامدانەوەو خستنەڕوی راستییەکان بفەرموون لەگەڵ وەڵاممان:

-قائمقام و بەرێوەبەری ناحیەکان کە سەرۆکی یەکەی ئیدارین لەسنوری خۆیان حەقی ئەوەیان هەیە کە ئۆتۆمبیل بەکاربهێنن، بەمەبەستی سەرپەرشتیکردنی فەرمانگەکان و راپەڕاندنی ئیشوکارەکان. هەروەها بەرێوەبەرایەتی و کەرت و بنکەکانی پۆلیس و هاتوچۆو بەرگری شارستانی و سەفەرو رەگەزنامەو... هتد. ئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانیان بەشەو بەرۆژ، کە ناکرێ بەراورد بکرێ لەگەڵ فەرمانگەیەکی مەدەنی کە سەعات 2 دەوامیان تەواو دەبێت.

-دەربارەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران نەك برگەی (13) بەڵکو سەرجەم برگەکانی گشتاندنی پێکراوە بەمەبەستی جێبەجێکردن، ئەوەشی پەیوەندی بەدیوانی وەزارەتەوە هەیە بەگەیشتنی بڕیارەکە جێبەجێکرا بۆ نمونە بڕیاری راگرتنی گۆڤارو رۆژنامەکان کە هەفتەنامەی ناوخۆ یەکێکە لەوانە.. دەربارەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە گوایە بەموخالەفە دراون بەکەسانی ناموستەحەق و دەرەوەی وەزارەت، بفەرمون لەگەڵ ئەم راستییانە:

1-محەمەد حاجی فایەق – پێشمەرگەی پارتیزانی دانەبڕاوەو عەقیدی پۆلیسە لەبەرێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان ئۆتۆمبیلێکی وەزارەتی لابووە تا ئەو کاتەی فەرمانگەی پۆلیسی گەرمیان ئۆتۆمبیلی بۆدابین دەکات. کە ئەوە 8 مانگە ئەو ئۆتۆمبیلەی لێوەرگیراوەتەوە.

2-ئۆتۆمبیلی ماگزیما کە گوایە دراوە بەسەرکەوت عەبدوڵا ئێمە چەند ئۆتۆمبیلێکمان هەیە هی میوانن لەکاتی هاتن و رۆیشتنی وەفدو نوێنەرانی حکومەت یان حیزب ئەوانەی کە ئیشوکاری وەزارەت رادەپەڕێنن ئۆتۆمبیلیان بۆ دابیندەکرێ بۆماوەیەکی کورت لەلایان بێت سەرکەوت عەبدوڵا کارمەندی چالاکییە مەدەنیەکان بووەو شۆفێری یەکێك لەمیوانەکان بووەو ئەو ئۆتۆمبیلەی لابووە.

3-دابان عەبدولکەریم حاجی نوێنەری حکومەتە لەڤیینای پایەتەختی نەمسا دەیان بریندارو نەخۆشی وەزارەت و خەڵکی کوردستان دەباتە دەرەوە، هەروەها خەڵکی پسپۆڕی لەنەمساوە هێناوە لەکۆلیژی پۆلیس مەشقی تایبەتی بەکارمەندانی پۆلیس کردووە بۆمان، لەماوەی گەڕانەوەیدا ئۆتۆمبیلی وەزارەتی لابووە، وەك میوان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:31 30-8-2007

4-مام رۆستەم کە تێکۆشەرێکی دیاری کوردستانە زۆربەی کاتەکانی لەکەرکوك دائەنیشێ و پاسەوانی لەئەستۆی وەزارەتمانەو ژمارەیەك لەپۆلیسی وەزارەت پاسەوانی دەکات، ئۆتۆمبیلێکی وەزارەتی لایە، کە تایبەتە بەپاسەوانەکانی.

4-مامۆستا جەلال ساڵ و نیوێکە ئۆتۆمبیلی شەخسی نییە، ئۆتۆمبیلی شکاری کوڕی-شی مەساریفی نەخراوەتە سەر وەزارەت ئەوە زۆر دوورە لەراستییەوە.

6-دەربارەی ئۆتۆمبیلی عادل عەلی، یەکەم بەگرێبەست لەوەزارەت نییەو سەپەرشتی راگەیاندن و پەیوەندییەکان دەکات و ئەندامی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك) و بەپلەی راوێژکار سەرپەرشتی کارەکان دەکات و سەیارەی تایبەتی راگەیاندنە کە تا درەنگانی شەو دەوامی تایبەتان هەیە و بەکاریدەهێنن.

7-ئۆتۆمبیلی پاترۆڵ کەلای سوبحی حیمایەی وەزیری ناخۆیە، ناوبراو ئەفسەرەو لێپرساوی حیمایەکانی وەزیری ناوخۆیە سەیارەکەی لەئەستۆی شۆفێر دایە، سەیارەکەی بەشۆفێرەکەی بووە لەشەستمەتری چەمچەماڵ لۆریەك خۆی لێداوە نەك بەسەرخۆشی خۆی وەری گێڕابێت، سکرابیش نەکراوەو چاککراوەتەوە ئێستاش لەلایەتی بەپێی یاساو رێنمایەکان ئاشکرا بوو کە خەتای شۆفێری لۆرییەکە بووە.

8-ئۆتۆمبیلی جۆری دایۆ کە دراوە بە حەسەن قادر (ئەبو فەلاح) ناوبراو ئەفسەری بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستانە، بۆیە ئەو ئۆتۆمبیلەی بۆدابینکراوە بۆ راپەراندنی ئەرکەکانی.

9-ئۆتۆمبیلی 891 ی پاترۆڵ نەدراوە بەکەسی نادیارو لای پاسەوانەکانی وەزیرە.

10-ئۆتۆمبیلی (بی ئێم) کە کراوە بۆ وەزارەت بەبڕی 24 ملیۆن دینار بەفەرمانی (147) ی 2005/3/13 بەئیمزای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تۆمارکراوە، بەناوی شەخسی (عوسمان حاجی مەحمود) ەوە بەڵام عوسمانی حاجی مەحمود بەفەرمانێکی وەزاری ژمارە (6037) لە2007/5/10 خستیەوە سەر وەزارەت و سەنەویەکەی بەناوی وەزارەتەوەیەو سەیارەکەش لەوەزارەتە. بەژمارە سەنەوی (004678) و ژمارە (168) ی ناوخۆی هەڵگرتووە.

11-ئۆتۆمبیلی جۆری پاترۆڵ دراوە بەمامۆستا ئیکرام بەرپرسی مەڵبەندی دوز، ئەم سەیارەیە لای پاسەوانەکانی مەڵبەندی حەمرینە کە بارەگاکەی لەدوز خورماتووە. لەبەر گرنگی ئەو شوێنانە پاسەوانیان زیاترە بەهۆی ئەوەی دوز خورماتوو زوو زوو ئەکەوێتە بەر پەلاماری تیرۆریستان.

12-ئۆتۆمبیلی مارسیدس گوایە دراوە بەپۆلای شەهید سیروان، ئۆتۆمبیلێك بۆ ماوەیەکی کاتی لای پاسەوانەکانی بنکەی روناکبیری شەهید سیروان بووەو بەدەستی شۆفێرەکەی وەرگەڕاوە، بەپێی یاسا روداوەکە خرایە سەر شۆفێرەکەی ئێستا مانگانە پارەکەی لێدەبڕدرێ و ئێستا هیچ سەیارەیەکی لا نییە.

13-سەیارەی جۆری ماگزیمان گوایە دراوە بەشکاری کوڕی مامۆستا جەلال، ناوبراو هیچ سەیارەیەکی پێ نەدراوەو تا ئێستا هیچ مەگزیمایەکیشمان دەعمی پێ نەکراوە، تا لەحەوشەی ئامێرسازی فڕی درابێت.

14-گوایەئۆتۆمبیلی ماگزیما دراوە بەشۆڕش حاجی، ناوبراو کادرو تێکۆشەرێکی دیاری (ی. ن. ك) و سێ رۆژ یەکێك لەو ئۆتۆمبیلانەی لابووە کە تەرخانکراوە بۆ ئیشوکارەکانی وەزیری ناوخۆ.

15-هیچ جۆرە سەیارەیەك بۆ برای خێزانی مامۆستا جەلال تەرخان نەکراوە لەکاتی گەڕانەوەیدا.

16-مامۆستا جەلال ئۆتۆمبیلەکانی خۆی بەکاردەهێنێ واتا ئەو ئۆتۆمبیلەی کە تەرخانکراوە بۆی کە هاتوچۆی قەرەداخ دەکات نەك هەموو ئۆتۆمبیلەکانی وەزارەت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

17-دەربارەی سامی هەورامی ناوبراو برای شەهیدی سەرکردە ئازاد هەورامی-یە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق کە گەڕانەوە کەرکوک بەماڵەوە بۆ پاراستنی ژیانیان سەیارەیەك و چەند پاسەوانێکیان لەلا بووە، تا هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال ئۆتۆمبیلی بۆدابینکردن و زیاتر لەساڵ و نیوێکە سەیارەی وەزارەتیان لانییەو ئەو ئۆتۆمبیلەش وەرگیراوەتەوەو دراوە بەپۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان نەشەق و شرەو نە لەئامێرسازی فرێدراوە. ئەو ئۆتۆمبیلە وەرگیراوەتەوە لەمانگی 2006/3.
18-سەبارەت بەو ناوانەی کە ریزکراون و گوایە لێپرسراوێتیان نییەو سەیارەیان لەئەستۆدایە. ئەو ئەفەسەرانە بەپێی پایەو ئەرکیان ئۆتۆمبیل دابینکراوە بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانیان وەك:
- لیوا حەمە سەعید – راوێژکاری سەربازی وەزارەتە
- لیوا سەباح - جێگری بەڕێوەبەری گشتییە
-عەقید بەرهەم - لێپرسراوی فەرمانگەی یاسایی وەزارەتە
-عەمید ئەکرەم، عەقید جەمال، رائید تۆفیق، هەموو لێپرسراوێتیان هەیەو سەیارە لەئەستۆی شۆفێرەکانیاندایەو هاتوچۆیان پێدەکات.
19-کۆمپانیای ئارام بۆ پاسەوانی، سەبارەت بە ئەم کۆمپانیایە زۆرجار شتی ناڕاست بڵاوئەکرێتەوە بۆیە ئەم رونکردنەوەیە بەپێویست ئەزانین.
بیرۆکەی ئەم کۆمپانیایە هی وەزیری ناوخۆیەو لەسەر پێشنیازی ئەو دامەزراوە بەپێی یاساو رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی حکومەتی کوردستان. ئیشوکاری ئەم کۆمپانیایە بریتیە لەدابینکردنی پاسەوان بۆ کۆمپانیا بیانی و خۆماڵیەکان واتا بە (پێی گرێبەست ژمارەی پێویستی پاسەوان دابین ئەکات بەرامبەر بەنرخێکی گونجاو) بەپێی تایبەتمەندێتی کاری هەر کۆمپانیایەك. وە ئەو پارەیەی کە وەرئەگیرێت نایەتە سەر بودجەی وەزارەتی ناوخۆو راستەخۆ ئەچێتە سەر گەنجینەی گشتی بەهۆی وەزارەتی داراییەوەو هەر شتێك لەو پارەیە بۆ وەزارەتی ناوخۆ سەرف بکرێت بەپێی (یاساو تەعلیمات) ە.
تەواوی ئیشوکارەکانی ئەم کۆمپانیایە وەکو هەر فەرمانگەیەکی تری وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتەکانی تر لەلایەن سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری داراییەوە ئەپشکنرێت و ئەبینرێت.
هەتا ئێستا دیوانی چاودێری دارایی وا ناسراون کە لەهەر جێگایەك هەر هەڵەو لادان و کەمتەرخەمی.. هتد ببینن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت و دەزگای پەیوەندیداری لێ ئاگادار ئەکەنەوەو دوا سەردانیان بۆ کۆمپانیای ئارام بەپێی بڕیاری ژمارە 285 لە2007/7/31دا بووە.
ئێمە لەوەزارەتی ناوخۆ دامەزراندنی کۆمپانیای ئارام بەیەکێك لەدەستکەوتەکان ئەزانین، چونکە ئەو کۆمپانیا بیانی و خۆماڵیانەی کە لەکوردستاندا کار ئەکەن و قازانج ئەکەن، پێشتر لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ پۆلیسی بۆ دابین ئەکرا بۆ پارێزگاری بەبێ بەرامبەر، بەڵام لەئێستادا وەزارەتی ناوخۆ بەرامبەر بەنرخێکی گونجاو پۆلیس دابین ئەکات و (پارەکەیشی ئەچێتە سەر بودجەی گشتی نەك ناو باخەڵ و جانتای لێپرسراوەکانی ناو وەزارەتی ناوخۆو ئەم کۆمپانیایە) تائێستا سەدان ملیۆن دیناری خستۆتە سەر گەنجیەی گشتی، ویژدانی خوێنەرانی بەریز ئەکەینە حەکەم، ئایا کارێکی لەم بابەتە شایستەی پێ زانین و باسکردنە یاخود شایستەی توانج و تەمو مژاویردنی راستیەکانە؟!
20-دەربارەی بەڕێوەبەری ترافیك کە ئۆتۆمبیلی وەزارەتی پێیە ئەوە زۆر دورە لەراستیەوە ئەو ئۆتۆمبیلەی کە بەبەڕێوەبەری ترافیکە هی شەخسی خۆیەتی و تەنانەت زۆربەی جاریش کاری دائیرەکەی پێ ئەنجام دەدات و ناوبراویش بۆ زانیاری هەمولایەك دەرچووی کۆلیژە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:31 30-8-2007

21-مامۆستا جەلال هیچ کات نەیوتووە نابێ فلان و فیسار بڕگە جێبەجێ نەکرێ و کاری واش لەدەسەلاتی ئەودا نییە. گشتاندنیش بۆ هەموو بڕگەکان کراوە.

22-رائید دیار ئیفاد کراوە بۆ سەردانی کۆمپانیایەك لەدەرەوەی وڵات بۆ دڵنیابوون لەسەرچاوەی ئەو کەلوپەلانە، لەسەر حسابی کۆمپانیای ناوبراو، چونکە کەلوپەلەکان فەنی بون لەگەڵ کەسێکی تر بۆماوەی (7) رۆژ کاری خۆیان وەك پێویست ئەنجامداوە، نەك چەند جارێك لەسەر حسابی وەزارەت ئیفاد کرابێت.

لەکۆتاییدا هەموو ئەو بوختان و تەشهیرانە رەت دەکەینەوەو بۆ سەلماندنی راستییەکان بێ منەتی وەزارەت رادەگەیەنین کە هەمیشە دەرگای وەزارەت و دامودەزگاکانمان کراوەیە بۆ هەر کەس و لیژنەیەك تا راستییەکان بەچاوی خۆیان ببینن، نەك پەنابردنەبەر بوختان و ناوزڕاندنی خەڵکی بەبێ بەڵگەو دیکۆمێنت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.